# به فریای ئەم 4 مناله بكەون ،ئەگینا چاوەكانیان له دەست دەدەن !!

.....................................................

بۆ بەریز سەرۆكی حكومەتی هەریم- هەولیر

بۆ بەریز سەرۆكی حكومەتی هەریم- سلیمانی

بۆ هەموو مرۆڤ دۆستان ......

ئەم وینانەی كه له خوارەوە دەیان بینن ،ناویان –سایه ئاشتی 2 ساله، محمد ئاشتی 5 ساله ،شەوبۆ ئاشتی 12 ساله،ئەژین ئاشتی 16 سالەن - ، وه كچ و كوری یەك مالن وچاوەكانیان تووشی نەخۆشی – قرنیه مخروته- بووه ودوای ئەوەی كه هەموو نەخۆش خانەكانی بەغداد وكركوك وكوردستان گەراون ، پییان راگەیاندوون كه له عیراق چاری ئەم نەخۆشیه نیه وبۆیه باوك ودایكی منالەكان پەنا دەبەنه بەر تاران و لەوی دوای بینینی دكتۆر ،پییان رادەگەیەنن كه دەتوانن چارەسەریان بۆ بكەن . بەلام بۆعملیاتی هەر چاویك پیویستی به 1700 دۆلار هەیه .واته بۆ چارەسەر كردنی چاوی هەر چواریان دەبی 13600 دۆلار بدەن .ئەمه بیجگه له حەقی دكتۆر و دەرمان و مەسرەفی مانەوەو هات و چۆیان بۆ تاران كه ئەویش نزیكەی هەمان مەبلەغی تی دەچیت .

واته بۆ رزگار كردنی 4 منال له لەدەست دانی رۆشنایی دنیا و چاوەكانیان ، تەنها له سەر 30000 $ پەكیان كەوتووه وئەگەر له مانگی 10-2005 نەیان بەنەوه بۆ تاران و عەمەلیاتەكەیان بۆ نەكەن ،ئەوا تاریكایی دنیا چاوەرییانه وبۆ هەتا هەتایه ناتوانن روناكایی دنیا ببیننەوه .

باوك و دایكی منالەكان دەست كورتن و بژیوی ژیانیان له سەر موچەیەكی كەمه و دابین كردنی ئەم بره پارەیه له توانای ئەواندا نیه .

ئیمه وەك سەنتەری بەرگری له مافەكانی منالانی كوردستان له سەردانیكماندا بۆ لای ئەو خیزانه، داوایان لی كردین كه به هانایانەوه بچین وكاریكیان بۆ بكەین تا لەم بەلایه رزگاریان بیت.

بۆیه ئیمه لەلای خۆمانەوه ئەم بانگەوازه دەكەین وداوا له هەموو كەسیكی ئینسان دۆست دەكەین كه به فریای ئەم 4 مناله بكەون.

له هەمان كاتدا ئەم بانگەوازه دەخەینه بەردەم هەردوو حكومەتی بەریزی هەریمەوه له سلیمانی و له هەولیر بۆ به هاناوه هاتنیان .

ئازاد احمد

سەرپەرشتیاری سەنتەری بەرگری له مافەكانی منالان-كوردستان

2005-10-4

07701533432

Azadahmed71@yahoo.com

www.santarimnalan.com







